کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 3:20 27-6-2007

## حکومەتی هەرێم و شتی سەیر!!... سالار مستەفا رەشید



ئەڵێن شت هەتا بمێنێتەوە عەیب و عاری لی ئەدۆزرێتەوە، ئەگەر کەسێکیش بە منالی ڕەفتارێکی ناشرینی نواند ئەڵێن لێی گەڕی منالە، خۆ ئەگەر بە گەورەیی ڕەفتارێك بنوێنی کە قابیلی ئەوە نەبوو ئەو شتە بکەی ئەوا دووسی خێرخواز بۆت دەپۆشن و ئەڵێن هی منالیە تیای ماوەتەوە، ئیتر بەوجۆرە خەڵك لە وولاتی ئێمە بە ئارەزوی خۆی شتی ناشرین قوڕ دەکات و چەند احباب روحێك بۆت دەپۆشن و پاساوت بۆ ئەهێننەوە تا دەچیتە قەبرەکەوە، هەر ئەم خەڵکەی باسمکرد لە هەموو شوێن و دامەزراوە و فەرمانگەکانی حکومەت ئیش و کاری خەڵکی دەبەن بەڕێوە پرسیارەکە لێرەدایە؟ بەلام ئەگەر حکومەتی هەرێم بە خۆی و کارمەندەکانیەوە هەڵەیان کرد کی بۆیان دەپۆشێت و پاساویان بۆ دێنێتەوە؟؟!

لەساڵی 1992 ەوە ئەم حکومەتە لەدایك بووە، تا ئێستا دوای 17 ساڵ هەر ساوایە و شیر ئەخوات، هەر فعلێکی ناشرینی کردبێت ووتویانە حکومەتەکەمان ساوایە ئەم حکومەتەی ئێمە ساڵی پارتی باوکێتی و ساڵی یەکێتی، ئەوە دوای ماوەیەکی زۆر پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو و شیوعی و.... .... .. ئەوانی تر بون بە باوە پیارەی، پرسیارەکە لێرەدایە جگە لە پارتی و یەکێتی ئەوانی تریش ئەڵێن حکومەت ساوایە؟ بێگومان بەڵی لەبەر خاتری خۆیان چۆن بقەی وا ئەکەن قابیلە خۆیان نان براو بکەن لەبەر خاتری جەماوەر، کەواتە ئەمانیش کوڕی ئەو حکومەتەن کە تائێستا هەر ساوایە.

باشە لەم هەموو سەرۆك و وەزیر و مدیر عام و فەرمانبەرە کەسێکی تیا نەبوو ساوا نەبێت و منالانە بیر نەکاتەوە؟؟ خۆ منال نین، کەواتە نەزانن!! یان خۆیان گێل ئەکەن. با دووشتی زۆر عەنتیکە و سەیرتان بۆ بگێرمەوە.

بەهۆی ئەوەی کە لە ڕێکخراوێك کاردەکەم کە ئیش بۆ کەسوکاری شەهیدان دەکەین زۆر پەیوەندیم لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدانی سلێمانی باشە و زوو زوو سەردانیان دەکەم بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری کەسوکاری شەهیدان، لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا چووم بۆ ئەوی لای جێگری بەڕێوەبەری گشتی دانیشتبووم سەرگەرمی گفتوگۆ کردن بووین لەسەر مەسەلەیەکی دیاری کراو لەو کاتەدا برادەرێك هاتە ژوورەوە و دانیشت و کاکی جێگریش ووتی فەرموو ئەمرکە؟

کابراش ووتی / وەڵا قوربان گیان دە پانزە ڕۆژ پێش ئێستا هاتم بۆ ئێرە کتابێکتان بۆکردم بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان _ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەسوکاری شەهیدان لە هەولێر بەلام بەهۆی ئەوەی کە ماڵمان لە کفری یە درەنگ چووم بۆ ئەوی، کەچوم کتابەکەم دایە دەستیان پێیان ووتم خاڵە گیان کتابەکەت ئێکسپایەر بووە واتا کۆن بووە ئەبێت بڕۆیتەوە کتابی تازە بێنیت.

عەیب نەبێت لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەر قاقای پێکەنینمان ڕۆژە ڕێیەك ئەڕۆی، توو شەرەف کتاب ئێکسپایەر دەبێت؟ بۆ ماست و پەنیرە؟ ئێوە سەیری عەقڵ و تێگەیشتنی ئەو دائیرەیە بکەن یان ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3:20 27-6-2007

فەرمانبەرەی کە وای پێ ووتوە، کابرایەك لە کفریەوە بێت بۆ هەولێر لەبەرخاتری بەرواری کتابێك بیگێڕیتەوە ئەمەیە سەیر و سەمەرە و مەهزەلەی حکومەت و فەرمانبەرەکانی!!
بەهەرحاڵ کابرامان بەڕێکردوو فەرمانبەرێك هاتە ژوورەوە و ووتی کاك.... ئەوە کتابەکەم تەواو کردووە فەرموو ئیمزای بکە با بینێرین، دوای ئەوەی فەرمانبەرەکە ڕۆشتە دەرەوە کاکی جێگر پێی ووتم لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە کتابێکمان کردووە بۆ ژنە شەهیدێك بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی کە چۆتەی لای دکتۆر شێرکۆ، پێی ووتوە / ئەمە شمولی تۆ ناکات تۆ کەسی پلە یەکی شەهید نیت.
وەڵا تا توانیمان قاقایەکی ترمان لێدا، ئینجا ئێوە و ئەم هەموو وەزیر و مدیر عام و خەڵکە ڕۆشنبیر و نازانم چیە، ئافەرم دکتۆر شێرکۆ تۆ نەزانی هاوسەری شەهید پلە چەندە؟؟!! ئەبێت بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان نوسراوت بۆ بنێرن و تێت بگەیەنن کە هاوسەری شەهید پلە چەندە!!، ئەمە مدیر عامە و یەك دنیا گۆڤار و بەرنامە دەبات بەڕێوە بە هاوسەری شەهید بڵێت تۆ پلە یەك نیت ئەی دەبێت بەمن بڵێ چی (من برای شەهیدم) .
ئەمە ژیان و وەزعی خەڵکی ئێمەیە بە دەست سەیر و سەمەرەکانی حکومەت و فەرمانبەرەکانی، ئەو حکومەتەی دوای 17 ساڵ نەیتوانی کۆمەڵێك کادری ئیداری و زیرەك و هوشیار پێبگەیەنێت، ناحەقی ناگرم جاری خۆی بە گاگۆڵکی ئەڕوات چی لە مناڵەکانی تری بکات..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.